## تێزی ٢٧: **موهاناد**: بەهەشت و جەهەننەم تەنیا نیشانەیەکن بۆ ئەو قۆناغانەی وا مرۆڤ لە ڕێگای کاملبوونیدا لێیان تێپەڕ دەبێ

پێش هەمووشتێک، بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرمێکی جیددی نابێ تەنیا پەنجە لەسەر بەشە نێگاتیڤەکانی پەرتووکی قورئان دابنێین و خاڵی تایبەتی وەك بەڵگە بۆ پیشاندانی لایەنی ترسهێنەری ئیسلام، زەق کەینەوە. نا، باسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئێمە کتێبی قورئان وەك کارنامەی ئەزموونی مێژوویی بسەلمێنین و بەچاوی ڕەخنەوە لێی نیزیك بینەوە.

جیاوازی نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی لەوە دایە کە مەسیحیەکان ئیتر دەستیان لەوە هەڵگرتووە کتێبی ئینجیل وشە بە وشە لێکدەنەوە؛ ئەوان فێر بوون تێکستی ناو پەرتووکەکە لە پەیوەندایەتی لەگەڵ کۆنتێکستە مێژووییەکەی ڕوون کەنەوە. دەنا ئەو یارییەی ئێوە بە کتێبی قورئانی دەکەن دەکرێ بە هەمان شێوە لەگەڵ پەرتووکی ئینجیلیش بکرێ. ئەگەر ئەو کارە بکرێ، دێینە سەر ئەو ئەزموونە کە خودای پەرتووکی ئینجیل خودایەکی کەم جیکەڵدانە و زاڵمە.

حامیدی خۆشەویست، من پێشنیارتان پێ دەکەم پەرتووکی قورئان نەك بە شێوەی هەڵبژاردە، بەڵکوو بە شێوازی مێژوویی – ڕەخنەیی بخوێنیەوە. تەنیا، ئەگەر باوەڕداران هەست بەوە بکەن خودای قورئان تا چ ڕادەیەك دڵۆڤان و بەخشندەیە، ئینجا ئەو ئیمکانەیان بۆ پێکدێ بە بێ ترس باوەڕی پێ بێنن.

یەك لەو تەوەرانەی ترس لە باوەڕمەندانیدا پێك دێنێت، ڕۆژی قیامەتە. پەرتووکی قورئان خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە هەر مرۆڤێك لە قیامەت، بەهۆی کردەوەکانی ئەم دنیایەی، ڕووبەڕووی خودا دەبێتەوە. قورئان لەسەر ڕۆژی قیامەت دەڵێ:

*"ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکار چاکن، باشترین کەس هەر ئەوانن. لە پەروەردەیانەوە پاداشیان بەهەشتی عەدنە؛ جۆباری بەبەردا*

*دەڕوا و هەمیشە هەر لەوێ دەبن. خودا لەوان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازین. کێ لە خودای خۆی ترساوە، ئەمەی دەبێ"* (سووڕەی ٩٩ ئایەی ٧ - ٨)

ئەو ڕاگەیەنراوە وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی بیری ببزوێ و بەو شێوەیە بە کامیل بوونی خۆی بگات. ئەو چەشنە خوێندنەوەیە بە هیچ شێوەیەك بوونی بەهەشت و جەهەننەم ڕەد ناکاتەوە و هاوکاتیش هەوڵی ئەوە نادا کە وەك باغێکی سەرسەوز یاخود جێگایەکی ئاگرین وێنایان بکا بەڵکوو لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا وەك بەختەوەر بوون یاخود ڕەنج و ئازاری نیشان دەدا.

جێی پرسیار نییە، پەرتووکی قورئان چەندین جار وێنەی بەهەشت و جەهەننەمی وێنا کردووە. ئەگەر مرۆڤ وەحیەکانی کتێبی قورئان وەك پەیوەندایەتی و ئاخافتنێکی نێوان خودا و کۆمەڵگای سەدەی حەوت تێ بگات، ئەودەم نیاز و پێویستی ئەو وێنەیە ڕوون دەبێتەوە: ئەوانە دەبێ دەستەبەندییەکی هەست پێ نەکراو و ئابستراکت نیشان بدەن. بەختەوەری، پەشیمانی، خۆشحاڵی لە ڕادەبەدەر یا ڕەنج و ئازاری زۆر قووڵ.

بەهۆی زمانی بەهێزی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کە بەتایبەت لە بواری شیعر و پەخشاندا زۆر ناودارن، سەیر نییە ئەو هونەرە، ڕێ و شوێنی خۆی لەسەر پەرتووکی قورئانیش دانابێ. وێناکردنی بەهەشت وەك باغێکی سەرسەوز کە ئاوی ڕوون و پاك و خاوێنی پێدا دەڕوا و هەروەها کیژی جوانچاکی چاو ڕەشی لێیە، لە قورئاندا سیمبولێکە بۆ بەختەوەری. هەروەها دەتوانێ وێناکردنی ژوورێکی گەورە بێت کە حەوت دەروازەی هەبێ، و ئاگرێکی مەزنی تێدا کرابێتەوە و ئەوەش وەک دەربڕینی ناڕەحەتی ویژدان مانا بکرێتەوە.

ئەوەش کە باس لەسەر شوێن و جێگای ڕاستەقینەی ئەو دوانە نییە، لە سووڕەی ٤٧ ئایەی ١٥ دا ڕوون دەبێتەوە:

*"ئەو بەهەشتەی کە خودا بە پارێزگارانی بەڵێن داوە، چۆن چۆنییە؟ چەندین ڕووباری وای تێدا، ئاوەکەیان شلوێ نابێ. چەند ڕووباری شیری تێدا، هەرگیز تامی نەگۆڕاوە. چەندین ڕووباری شەرابی پێدا دەڕوا، تا وەیخۆن کەیفی پێدەکەن. چەند ڕووباریش لە هەنگڤی پاڵافتە هەن. هەر میوەیەکیش بخوازن، تێیدا هەیە؛ خۆشبوونی پەروەرەندەشیان. چۆن ئەمانە دەبنە لنگەی ئەو کەسانە کە تاهەتا هەر دەبێ لە ئاگردا بن و لەسەریانە ئاڤا کەلاندی (ئاوی کوڵاتوو) وەخۆن و ڕیخۆڵەیان لەت و پەت کا."* (سووڕەی ٤٧ ئایەی ١٥) هەروەها لە سووڕەی ١٣ ئایەی ٣٥ یشدا لەسەر شتێکی هاوچەشن دەدوێ.

هەر وەك دەزانین، عالم و مامۆستای وا هەن کە پەرتووکی قوڕئان وشە بە وشە مانا دەکەنەوە. ئەگەر ئەوان بە جیدی کتێبی قوڕئان بیخوێننەوە، دەبێ تێ بگەن بەهەشت و جەهەننەم شوێن نین بەڵکوو تەنیا وێنەی مانادارن. لە پشت ئەو وێنانە پرەنسیپی ڕێکوپێك و پەیامێکی تێدایە کە ئەلغەزالی لە سەدەی ١٢ دا ئاماژەی پێکردووە:

"ئێمە ئێستا لەسەر [ئەم دنیا] و [ئەو دنیا] ئاخافتن دەکەین، ئێمە لەسەر ئەم دنیایە دەدوێین، دنیای زەوی، بەڵام ڕوونکردنەوەکانمان بۆ ئەو دنیایەیترە و چاومان لە ئەو دنیایە بڕیوە. بەڵام جێی باوەڕ نییە کە مرۆڤ ئەو دنیا لەگەڵ دنیای زەوی بە شێوەیەکیتر ڕوون بکەینەوە جیا لە وێکچوون."[20] هەر بەو هۆیەش خودا لە قوڕئاندا دەڵێ:

*"ئەو نەزیلانە بۆ خەڵك دێنینەوە و زانایان نەبێ، تێی ناگەن." (سووڕەی ٢٩ ئایەی ٤٣)*

بەو پێیە جەهەننەم شوێن نییە، کە خودا بیەوێ لەوێ تۆڵە لە مرۆڤی تاوانکار بکاتەوە، بەڵکوو وەك سیمبولێکە بۆ دەرد و ڕەنج و ئازار کە

---

[20] Richard Gramlich: »Muhammad Al-Gazzalis Lehre von den Stufen zur Gottesliebe«. Die Bücher 31–36 seines Hauptwerkes, eingeleitet, übersetzt und kommentiert, Wiesbaden 1984, S. 62 ff.

مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لەسەر ئەم هەردە دەیکێشێ. جەهەننەم سیمبولێکە بۆ وێناکردنی لایەنی ڕەشی هەڵە و لاوازییەکانی مرۆڤ.

هەروەها شتێکیتر: لێرەدا مەبەست باوەڕپێکراو یا باوەڕپێنەکراو نییە. ئێوە بەردەوام لە وەرگێڕانی گوتەکانی قوڕئاندا لە باوەڕپێنەکراو یاخود کافر دەدوێن، کە بە تەواوی وشەی کافر لێرەدا بە هەڵە وەرگێڕراوەتەوە. لە زمانی عەرەبیدا کافر بە مانای "منكر"(حاشالێکەر) ە. حاشالێکەر بە کەسێك دەڵێن کە مانیپولیرە دەکا واتە مێشك دەشواتەوە، کەسێك کە بۆ قازانجی خۆی لەگەڵ یەکیتردا درۆ دەکات. ئەوە ئەو شتەیە کە پەرتووکی قوڕئان ڕەخنەی لی دەگرێ. ئەگەر لێرەدا باس لەسەر باوەڕ بایە، پەرتووکی قوڕئان لە چەندین جێگادا بەڵێنی بانگەشەی بۆ چارەسەرکردنی هەمیشەیی ناموسوڵمانان نەدەکرد.

درێژەی هەیە ...